# گرفتەکانی مێژوونووسیی کوردی

***نووسەر: مێهرداد ئێزەدی***

***پێشەکی وەرگێڕ: دەشتی مەحمود***

*مێهرداد ئێزەدی، مێژووناس و نووسەرێکی کوردی هاوچەرخە، لەسەر بابەتی ئەتنیکی و کولتووریی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت کورد دەنوسێت. بەڕێز ئێزەدی، لە ساڵی ١٩٦٣ لە باوکێکی کوردی کرماشانی و دایکێکی بەلجیکی لەدایک بووە. بەشێکی زۆری گەنجێتیی خۆی لە عێراق، ئێران، ئەفغانستان و کۆریا بەسەربردووە، کاتێک دایک و باوکی دیپلۆماتکاری بەهۆی ئەرکیان، لە وڵاتێکەوە ڕۆیشتوون بۆ وڵاتێکی تر. ئێزەدی یەکێکە لە بەناوبانگترین مێژوونووسە بە ڕەگەز کوردە هاوچەرخەکان، لە ساڵی ١٩٧٦ لە زانکۆی ویلایەتی کانساس بڕوانامەی بەکالریۆسی لە مێژوو، زانستە سیاسییەکان و جوگرافیا بە دەستهێناوە. ئەشقی بۆ مێژوو و جوگرافیا وای لێکرد کە لە ساڵی ١٩٧٨، ماستەر لە جوگرافیا و ساڵی ١٩٧٩ ماستەر لە زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی سیراکیوز بەدەست بهێنێت. هەروەها، لە ساڵی ١٩٩٢، لە درێژەی خوێندنی باڵادا، لە زانکۆی کۆڵمبیا دکتورای لە زمان و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست هێناوە.*

*ئیزەدی لە بەشی زمان و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی هارڤارد وانەبێژیی کردووە. هەروەها، لە پەیمانگا جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا و ئەوروپا وەک زانکۆی هارڤارد (١٩٩٠-١٩٩٥)، پەیمانگای سمیسسۆنیان (واشنتن، ١٩٩٦)، زانکۆی ئوپسالا، (سوید، ١٩٩٧)، زانکۆی بەرلینی ئازاد (ئەڵمانیا، ١٩٩٨)، زانکۆی فۆردهام (نیویۆرک، ١٩٩٨-٢٠٠٨)، زانکۆی پیس (٢٠٠١-٢٠١٦) و زانکۆی نیویۆرک بۆ تەکنەلۆجیا (١٩٩٧-ئێستا) وانەبێژیی کردووە.*

*هەروەها، ئیزەدی وەک پرۆفیسور، لە زانکۆی فلۆریدا، وانەی خوێندن و مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گوتووەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٠ تاوەکوو ١٩٩٧ وانەی پەروەردەیی بە سوپای ئەمەریکا و ناتۆ لە ئەمریکا، ئەوروپا، ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا گوتووەتەوە. سەرەڕای وانەبێژیی، دەربارەی پرسی کورد، لە بەردەم دوو لیژنەی کۆنگرێسی ئەمریکا گەواهی داوە و وەک ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەژێر سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیو بۆش خزمەتی کردووە. ئێزەدی بۆ پرۆژە و لێکۆڵینەوەکانی، پێنج ساڵ هاوکاری دارایی لەلایەن بەخشینی نەتەوەیی بۆ زانستە مرۆییەکانی ئەمریکا پێبەخشراوە. هەروەها، بەشێوەیەکی بەردەوام، وەک ڕاوێژکار بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نەخشەکێشانی ئەمریکا و میدیای ئەمریکی و بیانی (بی بی سی، ڕۆیتەرز، ئەسۆشەیتد پرێس، گاردیان، لێ فیگارۆ، نیویۆرک تایمز، زە ئیکۆنۆمست، بەرنامەکانی هەواڵی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ، VOA، NPR، BBC، DW و چەندین کەناڵی تر) کاری کردووە. هەروەها،*

*نەخشەکانی کە لە وێبسایتی **Gulf 2000 Project** بڵاو دەکاتەوە، لە لایەن چەندین ئەتڵەس، نوسەر و میدیای جیهانی لە نێوانیاندا ناشناڵ جوگرافی بەکار هێنراوە.*

*نوسین:*

- *چەردەباسێک دەربارەی کوردان (١٩٩٢). ئەم کتێبە بۆ چەندین زمان وەرگێردراوە، کوردی (٢٠٠٧)، فەرەنسی (١٩٩٨)، فارسی، تورکی (٢٠٠٤).*
- *وەرگێرانی شەرفنامە بۆ زمانی ئینگلیزی (٢٠٠٥)*
- *ڕێبەرنامەی عێراق بۆ لەشکری ئەمریکا (٢٠٠٥) ١٩ جار چاپ کراوەتەوە.*
- *ڕێبەرنامەی ئەفغانستان بۆ لەشکری ئەمریکا (٢٠٠٥) ٢١ جار چاپ کراوەتەوە.*
- *ڕێبەرنامەی بەڵقان بۆ لەشکری ئەمریکا (٢٠٠٧) ٢١ جار چاپ کراوەتەوە.*
- *لەگەڵ دەیان وتار و بە نوسینی پاژ لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کورد، بەشداری نوسینی چەندین کتێبی کردووە.*

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی مێژووی کورد ئەرکێکە کاتێکی زۆر دەخایەنێت. بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەمەیە کە هۆکاری قورسیی ئەم ئەرکە نەك نەبوونی سەرچاوە، بەڵکوو قەبارەی زۆری سەرچاوە سەرەکییەکانە. مادام کوردستان لە دڵی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزندا هەڵکەوتووە و بەشێکی زۆری سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکانی ئەم ناوچەیە لەخۆ دەگرێت، باوانی کورد- وێڕای ویستی خۆیان- لەو یەکەم هەوڵانەدا تۆمار کراون کە مرۆڤ بۆ نووسین داونی. دواجار، کورد ڕابردووی خۆی لەگەڵ هەموو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا - کە کۆنترین کۆمەڵگا خوێندەوارەکانی ئەم هەسارەیەن- دەبەشێتەوە.

تەنانەت ئەگەر کوردەکان بیرۆکەی تۆمارکردنی مێژووی خۆیان بە هۆشیارییەوە ڕەت کردبێتەوە، ئەوا نەیانتوانیوە خۆیان لەوە بدزنەوە کە لەلایەن گەلانی خوێندەواری میزۆپۆتامیا و هاوسێکانییانەوە، کە کوردەکان لەگەڵیان لە پەیوەندی و کارلێکی بەردەوامدا ژیاون، تۆمار بکرێن. خۆشبەختانە کورد نە خۆی لە نووسینی مێژوو دوور گرتووە و نە لە لایەن مێژوونووسان و ئەو تۆمارکەرانەی مێژووی کولتووریشەوە، کە دراوسێی کوردەکان بوون، پشتگوێ خراوە. بەسادەیی، ڕیشەی دۆخی پەرەنەسەندووی مێژووی کورد نەبوونی توێژینەوەیە نەک نەبوونی سەرچاوی توێژینەوە. تۆمارکراوە بازرگانی و سەربازییەکانی ئەم دانوستانە هەرێمایەتییانە لەسەر تاتەقوڕەکان بەڵگەیەکی دیکەن لەسەر دەوڵەمدنیی و بایەخی ئەو بەسەرهات و مێژووە کلاسیك و ناڤینانەی کە بەشێکن لەو کۆمەڵەیەی کە مێژووی کورد پێك دەهێنێت. لەم سەرچاوانەدا، مێژووی کورد پێشتر بە وردی تۆمار کراوە و هەر ئێستا دەتوانرێت لە هەموو زانکۆ و کتێبخانە گشتییەکانی جیهاندا لە شوێنی خۆی بدۆزرێنەوە. لەوانەیە مرۆڤ بە دروستی بپرسێت، بۆچی مێژووی کورد پێویستی بە کۆکردنەوە و نووسینەوە هەیە، ئەگەر ئەم مێژووە پێش ئێستە هەبووە؟

لە هەموو ئەم سەرچاوە پێش ـ مۆدێرنانەدا، مێژووی کورد ـ کە بەشێک لەو ئەزموونە مرۆییە مەزنەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێک هێناوە ـ تۆمار کراوە و نووسراوە. لەو ناوچە شارستانییە سەرەتاییانەی جیهاندا، مێژوو بە دەگمەن بە مەبەستی گەورە یان بچووککردنەوەی کۆمەڵە ئێتنیک ـ زمانییە جۆراوجۆرەکان خانەبەندیی و دابەش کراوە. تەنیا کاتێک کۆمەڵێکی نوێی خەڵک لە نادیاریدا دەرکەوتن و بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ بوون، (وەک عەرەبەکانی سەدەی ٧ یان مەغۆلەکان لە سەدەی ١٣ دا)، بۆ ماوەیەکی کورت ئەم ڕەوتە لە مێژوودا سەری هەڵدا. لەبەر ئەوە گەمژانەیە گەر تێگەیشتنە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان کە بە گەلانەوە پەیوەستن، بۆ کۆمەڵگا پێش ـ مۆدێرنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەکار بهێنین. لای گەلە دێرینەکان، باوەڕی ئایینی و دواتر شێوە ژیانی ئابووریی هۆکاری سەرەکیی پێکهێنانی هەستی کۆمەڵەکەیانن. توخمی زمان، کە زیاتر بە لای ئەوروپییەکانەوە گرنگ بووە (لە یۆنانی کۆنەوە بۆ فەرەنسای هاوچەرخ) زۆربەی جاران لای ڕۆژهەڵاتییە پێش ـ مۆدێرنەکان دەورێکی نەبینیوە. ئەگەرچی، بەجۆرێکی پارادۆکسیکاڵ، ئەوروپییە مۆدێرنەکان پێناسەی نیشتەجێی ئێتنیکییان لەسەر ئەم تاکە فاکتەرە داهێناوە و ئێستە لە جیهانیشدا قەبووڵ کراوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، گوڵبژێرکردنی ئەو سەرچاوانەی بەشێکن لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میراتی مرۆڤایەتی کە پەیوەندیەکی تایبەتیان بە زمانی کوردییەوە هەیە، (هەردوو جۆری [کوردی] هیندوئەوروپی ئێستا و [کوردی] هۆریی کۆن)، ئەرکێکی هێراکلیسییە. وەها ئەرکێک زیاتر بۆ دەزگایەک کە دەوڵەتی لە پشت بێت گونجاوە تاکوو ئەوەی تاکەکەسێک یان کۆمەڵەیەک لە ئەستۆی بگرن. ئاشکرایە، هەوڵ و کۆششی پشتیوانی-دەوڵەتیی وای کردووە کۆمەڵە ئێتنیک-زمانییەکانی تر کە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆن لە ناوچەکەدا مێژووی ئێتنیکی خۆیان کۆ بکەنەوە و بینووسنەوە. لە ڕێگەی

دروستکردنی ئاکادیمیای دەوڵەتی و تەرخان کردنی پارە بۆی و هەروەها  بەخشینی پارە بە بەشەکانی لیبراڵ-ئارت لە زانکۆکان کە تایبەتن بەم ئەرکە، کەرتی ئێتنیک-تەوەریی مێژوو دامەزراون و برەویان پێدراوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی «نەتەوە-دەوڵەتگەرایی» لە سەدەی نۆزدەهەمی ئەوروپادا، بیرۆکەیەک هاتە ئاراوە کە زمانی کرد بە بنچینەی ئێتنیک و بە پێی هەمان بیرۆکەش دەستکرا بە نووسینەوەی مێژوو لەسەر بنەمای ئێتنیک بۆ پاڵپشتی ڕەوایەتیی سنووربەندی دەوڵەت-نەتەوەکان لە ڕووی زمانەوە. ئەمانە بوون بە مەرجی بنچینەیی لە گرنگترین پرسەکانی حکوومەتە «نەتەوەییە» نوێیەکاندا بۆ ڕەوایەتیدان بە ڕەسەنایەتیی ئێتنیکی خۆیان و بەیاساییکردنی داخوازییەکانیان  بۆ ئەو ناوچەیەی بە نیشتیمانیی ئێتنیکی خۆیان ناوزەدیان دەکرد. مێژووە گشتییە کۆنەکان بۆ زانیاری لەسەر کۆمەڵە ئێتنیک-زمانێکی دیاریکراو پوخت کرابوون، بەڵام بەشە ونبووەکە لە ڕێگەی دەستتێوەردان، قەبڵاندن یان بە شێوەیەکی سادە بەهەڵبەستن پڕ کرایەوە. بێرنارد لوویس نمونەی چاو-ئەبڵەقبوونیمان پێشکەش دەکات کە چۆن دەوڵەتانی «نەتەوەیی» ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمەیان بەدەست هێنا، لە کتێبەکەیدا کە ناونیشانێکی بەجێی لێناوە: *مێژوو: وەبیرهێنراوە، گەڕێندراوە، داهێنراو*.

لە کێماسیی هێزی دەزگای دەوڵەت و پاڵپشتیی دارایی، یان لە نەبوونی چینێکی خێرخوازی ڕێکخراوی ناحکوومیدا، هێشتا مێژووی «ئێتنیکی» کوردی بێدەوڵەت دەبێت لە کۆی سەرچاوە جیاکانەوە کۆ بکرێتەوە. جیهان چیدی بە گێرانەوەی دەستکەوتە گشتی و دەستەجەمعییەکانی خەڵک ڕازی نییە. بە پێچەوانەوە ڕووی بەهاپێدان و ئارەزووی دنیا لە تایبەتمەندێتیی مێژووی دابەشکراو و بەشینەوەی دەسکەوتە مرۆییەکانە لە نێوان بەشداربووانی مێژوودا: ئەوانەی ناتوانن پشکی دیاریکراوی خۆیان دیاری بکەن، لە ڕووی مێژووییەوە بە پەراوێزخراو دادەنرێن و کولتوورەکەیان بە سەرەتایی دەبینرێت، تەنانەت بانگەشەیان بۆ نیشتمانەکەیان بە هەند وەرناگیرێت. بەم شێوەیە لە ڕیزی خوارەوەن، کەلەپووری هەر گەلێکی لەم جۆرە لە مۆزەخانەکانی مێژووی سروشتییدا نمایش دەکرێت نەک مۆزەخانەی هونەری یان شوێنەوارناسی. مێژوو و ئەزموونی مرۆییان دەبێتە بابەتی خوێندنی مرۆڤناسان، نەک هی کۆمەڵناسان و مێژووناسان. ئەوان ئەو ناوچە خۆڵەمێشییانە داگیر دەکەن کە سروشتی خاو لە شارستانی جیا دەکەنەوە، شوێنێک کە ئێستا وەک «کولتووری سەرەتایی» ناونراوە، هەروەها لە مۆزەخانەکانی مێژووی سروشتی لە ریزی کانزا، ڕووەک و ئاژەڵەکاندا پیشان دەدرێت. بە هەمان شێوە، بانگەشەی ئەم نەتەوەیە بۆ خۆبەڕێوەبەریش ڕەد دەکرێتەوە، ئەویش بۆ بەرژەوەندیی هاوپەیمانە "ڕۆشنگەرە"ـەکەی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆری، یاخود لکاندنی خاکی ئەم نەتەوەیە بە دەوڵەتێکی مۆدێرنی "دامەزراو"ەوە وەک پەرژینێک لە دژی "ناسەقامگیری". خەمڵاندنی-پلەداریی<u>Rank-Speculation</u> کە لە نەزانیی خەمڵاندنەوە لەدایک بووە، نەک هەر تەنیا کولتووری کورد بەڵکوو زۆر کولتووری بەناوبانگی ڕابردووی مەحکووم  بە پەراوێزخراویی کردووە. شارستانیەتی پڕشنگداری میسۆ-ئەمریکا هێشتا لە تێکۆشاندایە بۆ ئەوەی وێنەی "سەرەتاییبوون"ی لە کۆڵی خۆی بکاتەوە. مایایەکان و

ئینکاکان، هەر وەك نموونەی کورد، بڕیارەیی داکۆکیکاران و لۆبییە ئەکادیمیەکانیان، وای لێ کردوون نەتوانن بەرگری لە میراتە دەوڵەمەندە کولتووریەکەیان بکەن.

لە نەبوونی کتێبی خوێندنی ئامادە و بەردەست لەسەر کەلەپورەکەی ئەم گەلانەدا، ئەوان تەنانەت ناتوانن نەوەکانی خۆیان بە بەهاداریی کەلەپورەکانیان ڕازی بکەن، چ بگات بە پیشەگەرە تەمبەڵە بێگانەکان. هاوشێوەی کوردەکان، کولتوورەکانی ئینکا، مایا و ئەزتەک هێشتاش لە مۆزەخانەکانی مێژووی سروشتیدا نمایش و لەلایەن مرۆڤناسانەوە پێناسە دەکرێن.

سەبارەت بە هۆرییەکان، کە باوانی کوردن، هەمان خەملاندنی-پلەبەندی کاری پێ کراوە. جی ویلهێلم، لە نووسینێکیدا دەربارەی هۆرییەکان ئەم تێبینییە نالۆژیکییە دەنووسێت و هەوڵ دەدات سەرچاوەکەی دیاری بکات.

"ئەگەر چی یەکێکە لە شارستانییەتەکانی ڕۆژهەڵات، وێڕای ئەمەش زانیاریی زمانەوانی و مێژوویی و کولتووریی زۆر کەمترمان دەربارەی [هۆرییەکان] لەبەر دەستدایە، بەراورد بەوەی لەسەر سۆمەرییەکان، بابلییەکان، ئاشوورییەکان، هیتییەکان یان (تەنانەت) کەنعانییەکانیش بەردەستە." پاشان جی ویلهێلم شیوەن دەگێڕێت و دەڵێت، "ئەو ناکۆکییەی کە لەنێوان گرنگیی ئاشکرای ڕۆڵی هورییەکان لە جیهانی ڕۆژهەڵاتی کۆن و بەڵگەپەرتەوازەکان دەربارەی ئەواندا هەیە، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر و تەنانەت خەملاندنی پلەبەندیش."

سەیر ئەوەیە کە ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە دەبێت بگوترێت دەربارەی دۆخی هەوڵ و کۆششە زانستییەکان کە تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی مێژوویی و بەشداریی کولتووریی نەوەکانی هورییەکان: کورد. لە ڕاستیدا "خەملاندنی پلەبەندی" قێزەون لەسەر کورد بە تەواوەتی لە کاردایە. وێنەی کورد وەک "ڕەوەندی خێڵەکیی سادە" (ئەگەر باس لە ڕاوچی و چەتە و بەربەرییەکان نەکرێت) لە لاوە لەنێو مێژوو و تەوژمی کولتووریدا شاردراوەتەوە، [ئەم تێگەیشتنە] تەنانەت لە لایەن ئەوانەشەوە کە کوردناسییان بە تیشکۆی زانستییان وەرگرتووە، داکۆکی لێ دەکرێت و قبووڵ کراوە.

لە ساڵی ١٩٦٥ تۆماس بۆواس، بەشداربووی پاژی "کورد" لە چاپی دووەمی *ئینسکلۆپیدیای ئیسلام*دا، کتێبێکی گشتیی زۆر باشی لەسەر کورد نووسیوە، کە ناوی ناوە : *ناسینی کوردەکان*. ئەم کتێبە ساڵی دواتر بەناونیشانی *کوردەکان* وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی. بۆواس لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، گێڕانەوەکەی ڤلادیمێر مینۆرسکی دووبارە دەکاتەوە لەسەر بوونی شوێنەواری کورد و پەیوەندیی بەهێزیان لە میزۆپۆتامیا- گێڕانەوەیەک کە لە بنەڕەتدا لە چاپی یەکەمی ئینسکلۆپدیا لە ساڵی ١٩١٣دا بڵاو کرابووەوە. دووبارەبوونەوەی گێڕانەوەکە، بەڵام پەی بە کارە پێشەنگەکەی مینۆرسکی نەبردبوو، مرۆڤ بە

ڕەنجی زۆریش ناتوانێت ئاوەڵناوی ئەوەندە سوکایەتییێکەر و داشکێنەرانە بدۆزێتەوە کە لە لایەن بۆواسەوە هەڵبژێردرابوون بۆ وێناکردنی کۆمەڵگا و شارستانییەتی کوردستان، کە بە هۆیەوە دەیخواست خوێنەری پێ ئاشنا بکات.

بۆواس خوێنەرانی ئاگادار دەکاتەوە، «لە کاتێکدا (پاشای ئاشووری) سەنحاریب خەریکی ڕێکخستنی هەرێمەکانی بابل بوو، میدییەکان و کوێستاننشینەکانی زاگرۆس، کە تا ئەو کاتە تەنیا یەکێک بوون لە چەندین هۆزی شاخاویی درندە کە ژیانێکی کۆچەرییان هەبوو یاخود لە گوندە وێرانەکانیاندا جێگیر بووبوون...» بەدڵنیاییەوە خوێنەر هەرگیز لە لایەن بۆواسەوە لەو سەرچاوە یان سەرچاوانەوە ئاگادار ناکرێتەوە کە وایان لێ کردووە بڕیار لەسەر سروشتی «درندە»ی خێڵە شاخاوییەکانی کوردستان یان ڕەوشی «وێرانە» ی گوندەکانیان بدات. هەروەها، بیرمان نەچێت، ئەمە لە لایەن دۆستێکی کورد و "کوردناس"ێکی بەناوبانگەوە گوتراوە.

ئەوە شتێکی نوێ نییە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی چەندە کەمتر لەسەر شتێک بزانێت کەمتر گرنگیی پێدەدات. مرۆڤ سەرسەخترین ئاژەڵە ئامادە نییە دەستبەرداریی ئەو ئاسودەییە بێت لە شتە زانراوەکان وەریدەگرێت و هەوڵ بۆ فێربوون و زانینی تشتە نەزانراوەکان بدات، تەنانەت ئەگەر شتە زانراوەکان بە ئاشکراش هەڵە بن. لە ڕێگەی وردبوونەوە لە دەرئەنجامەکان لە کنەکردنی شوێنەواری گردە دێرینەکەی **گۆدین** لە ڕۆژهەڵاتی دینەوەر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئێران، من تێروتەسەلی لەسەر دەرکەوتەکانی ئەم هەڵوێستە کەمتەرخەمانەیەم بۆ ڕای گشتی کورد نووسیوە. لەوێدا، شوێنەوارناسەکە کۆنترین بەڵگەی ماددی هەبوونی شەرابی ترێ و بیرەی جۆی دۆزیوەتەوە. ئەی داهێنەرەکانی کێ بوون؟

چاوپۆشیکردن لەو ڕاستییەی کە ترێ و جۆ، هەردوو، میوە و دانەوێڵەی ڕەسەنی چیای زاگرۆس- تورۆسن و سەرەتا لەوێ خۆماڵی کراون؛ ئەمەی کە ترێ لە زۆنگاوە گەرمەکان و خاکەسوێرەکانی دەشتی میزۆپۆتامیای باشوور لە ئێراق گەشە ناکات، ئەو شوێنەوارناسەی بەشداری لە کنەکردنی گۆدین کردووە، کولتوورە ڕەسەنەکانی چیاکانی کوردیان پشتگوێ خستووە و ڕاستی داهێنانی هەردوو شمەکەکەیان داوەتەپاڵ سۆمەرییەکانی باشووری ئێراق! لە گۆدین مەرکانەی بیرە لە ژوورێک کە پڕ بووە لە تۆپی قوڕ- کە وا دەردەکەوێت بۆ قۆچەقانی سەربازی بەکار هاتوون- دۆزراوەتەوە. مێژوونووسانی کلاسیکی یۆنانی - ڕۆمانی هەمیشە ئەم شێوە لە شەڕیان بۆ گەلانی زاگرۆس گەڕاندووەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێیان گوتوون کورتییەکان، بە واتایەکی تر کوردەکان. چۆن تۆپی قۆچەقانی دەتوانێت باوەڕی مێژوویی بگۆڕێت کاتێک تەنانەت ڕاستییە نکۆڵینەکراوەکانی جوگرافیا و ڕووەکناسیش نەتوانێت بیگۆڕێت؟ چۆن هۆرییەکان، باوباپیرانی کورد، دەتوانن شانازییان پێ بدرێت بەرانبەر بە ئەو شتەی بۆ یەکەمین جار لە هەر شوێنێکی تری دونیادا لە شارە کۆنەکانی خۆیاندا دەدۆزرێتەوە، بێ نیگەرانکردنی جی ویلهێلم و ئەمەی ئەو لە ئێستادا بە شیاوی پێی دەڵێت "خەمڵاندنی ـ پلەبەندی"؟ لە توێژینەوەیەکدا کە بۆ کۆمەڵەی مرۆڤناسیی ئەمریکی لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٤ دا خوێندرایەوە، دکتۆر ڤێرجینیا بەدلەر، مامۆستای زانکۆی

تۆرۆنتۆ، کە لە ئێستا سەرپەرشتی لە کنەکردنی گردی گۆدیندا دەکات، کێشمەکێشمی هێشتنەوەی بارودۆخی هەنووکەیی دەکات لە ڕێگەی دوورخستنەوەی بەڵگە ماددییەکان کە [تێگەیشتنەکانی] بەدرۆ دەخاتەوە. بەم شێوەیە، ڤێرجینیا بوونی تۆپە قۆچەقانییەکان وەک "بەڵگەیەکی" تر ڕوون دەکاتەوە کە سۆمەرییەکان داهێنەری بیرە و شەراب بوون. بۆ بەهێزکردنی ئەم فێڵە ئاشکرایەی، ڤێرجینیا دەڵێت کە «لەو کاتەدا، تۆپە قوڕە قۆچەقانییەکان لە هەموو شوێنێک چەکی شەڕ بوون.» بە دڵنیاییەوە، ئێمە هەرگیز ئاگاداری سەلماندنی ئەو ڕاپۆرتەی "هەندێک" لەم هەرێمانە نابین، هەروەها ئەم ڕاپۆرتانە چۆن بەراورد دەکرێن لەگەڵ ڕاپۆرتە باوەکان لە سەرچاوە کۆن و کلاسیکەکاندا کە [ دەڵێن] قۆچەقانی چەکی هەڵبژاردەی کورد بوون.

بۆ دڵخۆشی هەستی گشتی و کوردەکان، لە چوار ساڵی ڕابردوودا، چەند گردێکی شوێنەواریی دیکە لە کوردستان، وەکوو **حاجی فەیروز** لە باکووری ڕۆژئاوای مەهاباد و **تیتریس** لە باشووری ڕۆژئاوای سەمسوور، بەڵگەی زیاتریان لەسەر داهێنانی شەرابی ترێ لە کوردستان فەراهەم کردووە، کە [ ئەمجارە] مێژووەکەیان بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش گردی گۆدین دەگەڕێتەوە. مرۆڤ سەرسام دەبێت کە چۆن بەڵگەکانی ئاسەوارێکی وەك حاجی فەیروز و تیتریس لە لایەن دەمارگرژێکی وەک ڤێرجینا بەدلەرەوە وەلاوە دەنرێن.

خۆدزینەوەی زانایانی مێژووی کۆن لە دانان بەو دەورە بنچینەییەدا کە هۆرییەکان لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندکردنی شارستانییەتی ڕۆژهەڵات و دەریای ناوەڕاستدا هەیانبووە، بە ڕوونی هەر ئەو نکۆڵییەیە کە لە پێشکەوتن و بونیادنانەوەی تەواوی مێژووی کورد دەکرێت، لە سەردەمی هۆرییەکانەوە تاوەکوو سەرەتای سەدەی بیست. لە هیچ کام لەم نموونانەدا نەبوونی سەرچاوەی بەردەست کێشە نەبووە، بەڵکوو ئەوەی دەیبینین ترسە لە دەمکردنەوەی سندووقە سامناکەکەی پاندۆرا. ئەم دەمکردنەوەیە، وەک لە نموونەی مێژووی هۆریدا دەستی پێ کردووە، پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی بنچینەییە بە هەندێ دەق و بڕوادا: ئەو دەقانەی کە ئێستا بە پەسەندکراو دەزانرێن؛ بەرنامەی خوێندن لەسەر پەرەسەندنی مێژوویی و کولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی دەریای ناوەڕاستدا. دەمکردنەوەی [ ئەم سندووقە] پێویستی بە پلەبەندیی دەبارەی نەریتی بەشداربووانی ئەم مێژووەیە.

وەلانانی ئەو سنوورانەی خەمڵاندنی پلەبەندی بە پێی ئەوان دامەزراوە، مرۆڤ دەتوانێت پرسیارێکی شیاو بکات: «بەڵام ئایا کورد هیچ بەشدارییەکی هەبووە شایەنی گەڕاندنەوە یان گێرانەوە بێت؟» با جارێکی تر لۆژیکی سارد بەکار بهێنینەوە. لەسەر بنەمای ڕاستی ناوەندبوونی جوگرافی کورد لە نیشتیمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن – ئەو ڕۆژهەڵاتەی کۆنترین شارستانییەتی بەردەوامی هەبووە لەسەر زەوی – هەر دەبێت کورد بەشداریی لە پێکهاتن و بڵاوبوونەوەی ئەم شارستانییەتە لە ئاستێکی باڵادا هەبووبێت. کەواتە چۆن مرۆڤ لە ڕووی ئەم لۆژیکەوە دەتوانێت ڕوونی بکاتەوە لە ئێستادا هیچ

مۆزەخانەیەکی شوێنەوارناسی لە جیهاندا بەرهەمێکی دەستکرد لەژێر ناوی کوردیدا پیشان نادات؟ وەڵامەکە پەیوەندی ناسینەوەیەکەوە هەیە کە  بە ئەنقەست بەهەڵەدا براوە؛ هەروەها ئەم وەلانانە تەنیا بە بەرهەمی دەستکرد ناگرێتەوە. با باسی نموونەیەک بکەین.

ئەمساڵ یادی هەزار و سەد ساڵەی یەکێک لە گەورەترین ئەقڵەکانی مێژووی کورد و شارستانییەتی ئیسلامی، ئەبوو حەنیفە ئەحمەد دینەوەرییە. لە چاپی یەکەمی ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی ساڵی ١٩١٣دا، ئەبوو حەنیفە لە لایەن سی برۆکێلمان بە "زمانەوان و زانای عەرەبی" ناسێنراوە. ئینجا، "عەرەبی" لە بازنە ئەکادیمییەکاندا بە واتای ئەو کەسە دێت کە کارەکانی بە زمانی عەرەبی دەنووسێتەوە و بەم شێوەیە دەدرێتە پاڵ نەریتی زمانی عەرەبی. ئەم چەواشەکارییە وەک ئەمە وایە کە هەموو ئەو کەسانەی ئەمڕۆ کارەکانی خۆیان بە ئینگلیزی دەنووسن بە "بەریتانی" بناسرێندرێن، پاشان چاوەڕوانی لە خوێنەران بکەیت کە پەیوەندیی نەتەوەیی و ئێتنیکی هەڵە لەم واژەوە هەڵنەهێنجن. بەڵام، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو سەرگەردانییە لەنێوان ئەو دووانەدا زیاتر هیواخوازیی بووە نەک ترس، وەک ئەوەی لە ئێستادا دەبینرێت.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دەستکرا بە نووسینەوەی مێژووی ئێتنیکە جۆراوجۆرەکان، کۆمەڵە ئێتنیکەکان هەراوهوریان بوو بۆ گونجاندنی مێژوو و کەلەپووری خۆیان لە ڕێگەی هەر شتێکەوە کە بە شیاویان دیتبا. لەم ڕووەوە، ئینسکلۆپدیاکان زیاتر یارمەتی ئەو پێڤاژۆیەیان دەدا. بەڵام، ئەگەر قسەیەکی گاڵتەجاڕی و پێچوپەنا لە ناساندنی ئەبووحەنیفە بە "عەرەب"، لە ساڵی ١٩١٣ دا هەبووبێت، ئەوا کاتێک چاپی دووەمی ئینسکلۆپیدیا لە ساڵی ١٩٦٨ دەرچوو، ئەم زمانبازییە نەما. بی. لیوین لەم چاپە نوێیەدا، لە دەستپێکی ژیاننامەی ئەبوو حەنیفەدا ڕاشکاوانە بە "زانایەکی عەرەبی سەدەی ٩/٣" ناوی دەبات. ئەم بانگە بێپەردەیەی بی. لیوەن سەبارەت بە گرێدراویی ئەتنیی ئەبوو حەنیفە هاوکاتی خۆنەبانکردنیەتی لەم ڕاستیەی کە خۆی دواتر هەوڵ دەدات هەموو نەریتەکان بە پێی کەسایەتیی بەهێزی ئێرانی و ئەو هەستانەوە بگێڕێتەوە کە لە بەرهەمەکانی ئەبوو حەنیفەدا دەردەکەون –– لەو سەردەمەدا، ئەو ڕوانگەیەی لیوین، جیهانی عەرەبیی تووڕە کرد.

لیوین ئەو ڕاستییە دەگێڕێتەوە کە ئەبوو حەنیفە خوێنی عەرەبی لە ئەژدادیدا نەبووە، هەروەها وەنەندە-ی باپیرەی ئەوکاتە هێشتا موسوڵمان نەبووە و ئەبو حەنیفە لە دینەوەری باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و هەر لەوێشدا کۆچی دوایی کردووە، ئینجا... سەرەڕایی زانین و پەیوەستبوونی هەموو ئەمانە، بە نامۆیی نایبینێت کە بێشەرمانە ئەبوو حەنیفە بە "زانایەکی عەرەبی سەدەی ٩/٣" ناو ببات! ئەم جۆرە چەواشەکارییە زەقە، لە لایەن ئامادەکارەکانی ئینسکلۆپیدیای ئیسلامەوە ڕەت ناکرێتەوە، بە سادەیی چونکە بۆ ئەوان هەموو موسڵمانان عەرەبن مەگەر هەتاکوو پێچەوانەکەی بسەلمێت. ئاساییە مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە لە نووسەرانی ئینسکلۆپیدیاك کە لە هۆلەندا چاپ بووبێ و نووسەرەکانی زانکۆدیتوو و زانا بن نەکات کە نەتەوایەتیی کەسایەتییەکانیان بۆ گرنگ بێت و باسی بکەن، ئاساییە ئەمان واز لە پرسی نەتەوایەتیی ناوداران بهێنن. بەڵام

مادام پرسی نەتەوایەتیی لە لایەن دانەرانی ئینسکلۆپیدیاکەوە بە کەم دانەنراوە، کەواتە پێویستە لەو باسەدا بابەتی و بێلایەن بن. ئەم ڕاستییەی کە لەناو بن هەزاران لاپەڕەی ئەو ئینسکلۆپیدیایەدا هەرگیز تاکە زانایەک بە کورد ناو نەبراوە، لە کاتێکدا گەلێ زانای ناعەرەبی وەک ئەبوو حەنیفە بە ئاشکرا بە عەرەب ناو دەبرێن، بەڵگەن بۆ ئەوەی: ۱) پرسی نەتەوەیی لای نییە دانەرانی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام بێبایەخ نییە و ۲) عەرەب ئێتنیکی هەڵبژێردراوی ئەوانە. منداڵانەیە؟ بەڵێ. بەڵام ڕاستیشە.

بەڵام تەنیا ئەوە عەرەب و لایەنگرانی نین کە لە کورد وەردەگرن. ئەوەتا، دەستپێکی پاژی ئەبوو حەنیفە لە ئینسکلۆپدیای نوێی ئێرانیکادا بەم شێوەیە دەست پێ دەکات: "ئەبوو حەنیفەی دینەوەری، ڕێزماننناس، فەرهەنگدانەر، ئەستێرەناس، بیرکاریناس و نەریتخوازی ئیسلامیی بە ڕەچەڵەک فارس...". کورد تا ئێستا بیری لەوە نەکردووتەوە کە میراتی ڕۆڵە ناودارەکانی خۆی بەدەست بهێنێتەوە، کەچی عەرەب و فارسەکان قاووقیژیانە لەسەر خاوەنداریکردن لە ئەبوو حەنیفە. بە دڵنیاییەوە، ئەم دزییە ئاشکرایە بەڵگەیەکی دیارە لەسەر پێگەی باڵای زانستیی ئەبوو حەنیفەیە کە زۆر خەڵکی خۆیان تووشی کەشە و هەڵلا دەکەن بۆ ئەوەی بیکەن بە کەلەپووری خۆیان.

لەبەر ئەوەی هێشتا هیچ پشکێکی ڕوونی کەلەپووری مێژوویی و کولتووریی هاوبەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گەلی کورد نەبڕاوە، دانەرانی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام و ئینسکلۆپیدیای ئێرانیکا، وەک زۆربەی نووسەرە مۆدێرنەکان، خۆ لە بەخشینی ئەو شتە نەبان دەکەن کە تا ئێستا کورد خۆی داوای نەکردووە. بۆچی کەشتی سەقامگیریی دۆخی هەنووکەیی بلەرزێنی، مادام تاکە لایەنی زیان لێکەوتوو هێشتا سەری لە ژێر بەفردایە؟ لە کاتێکدا تەنانەت کوردە زیندووەکانی ئێستا دەبێت "بیسەلمێنن" کوردن، چۆن دەکرێت زانایەک و مێژووناسێکی پلە یەکی ۱۱۰۰ ساڵە بە کورد بناسرێت؟ بە ئەقڵ و حیکمەتی بێسنووری دانەرانی چاپی نوێی ئینسکلۆیدیای ئیسلام، مادام ئەبووحەنیفە بە عەرەبی نووسیویەتی و موسڵمان بووە، دەبێت بە ئێتنیک عەرەب بێت. بە هەمان شێوە، لەبەر ئەوەی دینەوەری لە سنووری سیاسیی ئێرانی مۆدێرندا ژیاوە، لە مێشکی دانەرانی ئینسکلۆپیدیای ئێرانیکادا دەبێ فارس بێت. ئینجا، با بەراوردێک بکەین لە نێوان گرنگی و نەناسراویی ئەبوو حەنیفە لەگەڵ هیچی و بەڵام بەناوبانگی گەشتیاری تورک ئەولیا چەلەبیدا، بۆ ئەوەی لەم میکانیزمەی بنیاتنانی شانازیکردن بە مێژوو و کولتووری نەتەوەییەوە تێبگەین.

ئەولیا چەلەبی سەدەی حەڤدەیەم، کە هەموو دەسکەوتی ژیانی بریتییە لە پاراستنی بیرەوەرینامەیەکی زۆر باش، ئێستا وەک پاڵەوانێکی جیهانی مەعریفە ستایش دەکرێت. ئەم ستایشە چەندەی لە ئەنقەرە هەیە، ئەوەندەش لە ئەمریکا و هۆڵەندا هەیە. چەلەبی وەک ئەقڵێکی زۆر ژیر گرژ کراوەتەوە؛ هەر بەشێک لە بیرەوەرینامە گەشتیارییەکەی بووە بە بابەتی تێزی دکتۆرا، وەرگێران و ڕاڤەی ورد و چڕ، ئینجا لە چاپی ڕەنگاوڕەنگدا بڵاو کراونەتەوە، هەموو ئەمە بە گوێرەی شایستەیی بیرەوەرینامەی "هاتم، بینیم، نووسیم". وەک ئەوەی کە ئەمە بەس نەبێت، ئێستا لە زانکۆیەکی بەناوبانگی ویلایەتە

یەکگرتووەکان دامەزراوەیەک تەرخان کراوە بۆ ئەولیا چەلەبی. هەموو عاشقانی مەعریفە دەبێت دڵشاد بن لە کارەکانی چەلەبی بە هۆی ئەم دەستبڵاوییە زۆرەی بەسەر تەنیا گەشتیارێکدا هەڵڕژێندراوە، هەروەها دەبێت ئومێدخواز بن کە هەتا زیاتر بەسەر پیاوانی مەزن و وردبینی وەکوو ئەبوحەنیفەدا تەخشان بکرێت.

بەڵام ئەگەری ڕوودانی شتێکی وەها بۆ ئەبووحەنیفە نییە. هۆکارەکەی؟ ئەم پێداهەڵگوتن و ڕێزلێنانانە پەیوەندییەکی کەمیان بە دەستکەوتەکانی ئەولیا چەلەبییەوە هەیە. ئەمە گەل و مێژووی تورکیان کە ناڤدار دەکرێن و پلەی یەکەمیان پێ دەدرێت، پێدانی پلەی یەکەم بە ئەولیا چەلەبی پێدانی پلەیە بە کولتووری تورکی. بە بەراورد، ئەبووحەنیفە ئەحمەد دینەوەری کورد، یەکێک لە ئەستێرەکانی شارستانییەتی ئیسلامی و جیهانی لە یادی ١١٠٠ ساڵەیدا لە تاریکیدا دەژاکێت، چونکە کورد، ئەو نەتەوەی کە دەبوا پارێزگاریی لە ئەبوو حەنیفە کردبا، بە نەتەوەیەکی کەم و پلە دوو خەمڵاندنی پلەبەندیی بۆ کراوە.

ئەم بە کەم زانینەی ئێستا دەوری مێژوویی کوردیی پێ سەیر دەکرێت، دزەی کردووەتە نێو خودی کوردی ئەم سەردەمەشەوە. گەر وا نەبوایەت کوردەکان هەوڵیان دەدا ئەم تێگەیشتنە [ ی کە کور دبە کەم دەزانێت] بگۆڕن. بەدڵنیاییەوە ئەمە هۆکاری هەیە، ئەویش کێماسی پەروەردەیی کوردە سەبارەت بە مێژووی کورد. کوردەکان لە خوێندنی پەروەردەییاندا، لەگەڵ ئەو کتێبە هەڵبەستراوە زۆر سیاسی و مێژووییانەی پەروەردە و گەورە دەبن کە دەستکردی وەزارەتەکانی پەروەردەی ئەو دەوڵەتانەن لەناویاندا دەژین؛ لەم پەروەردەدا هیچ بە شیاوی نازانن دوور و نزیک فێری مێژووی ڕابردوو و ئێستای کورد بن.

کوردەکان، زۆر و کەم بە هەمان تینوگوڕی فارس و تورک یان عەرەبەوە بەشانازیکردن بە گەورەیی کورشی فارس، سلێمانی عوسمانی و جەمال عەبدولناسری عەرەبییەوە گەورە دەبن. کوردەکان بە هەمان شێوەی ئەم گەلانەی تر گۆش کراون؛ هەمان کتێب دەخوێننەوە؛ گوێ لە هەمان پەخش و بڵاوکردنەوەکان دەگرن؛ هەروەها، هەمان تەختەئاگاداری پروپاگەندە دەبینن. بەناو هەموو ئەمانەدا دەڕۆن، بۆ هەمان تینوگوڕیان نەبێت؟ ئینجا، کاتێک ئینسکلۆپیدیای بەناوبانگی ئیسلام بە ئاشکرا ئەبوو حەنیفە بە عەرەب دەناسێنێت، لە کاتێکدا ئینسکلۆپیدیای ئێرانیکا بە فارس ناوی دەبات، کوردێک چۆن دەتوانێت بە هی خۆی بزانێت، چ بگات بەوەی ساڵوەگەڕی بۆ بگرێت؟ هێشتا "ئینسکلۆپیدیای کورد" نییە تاوەکوو لەم دۆخە تێپەڕێنێت.

ڕێگریلێکراو لە خوێندنی مێژوو و کەلەپووری خۆیان لە قوتابخانەدا وەک خوێندکار، کورد بە شێوەیەکی سروشتی تەنیا چەند کەسایەتییەکی سیاسی لە دەوروبەری خۆیان دەدۆزنەوە، شانازیی ئەوان وەردەگرن بۆ یەکانگیرکردن و بەهێزکردنی نیشتمانپەروەریی هەڕەشەلێکراویان. لە ئاکامدا، ڕۆشنبیرانی هاوچەرخی کورد بە کەسایەتیی سیاسی گوماناوی و سەرۆک هۆزی کۆچکردووی وەکوو سمکۆ و یەزدانشێر دەنازن، لەبری ئەوەی شانازی زۆر، کە بە ڕاستی دەتوانن بیشیکەن، بە

کەسانی وەک ئەبووحەنیفە دینەوەرییەوە بکەن. ئەگەر کورد توانیبای وەکوو چۆن تورک مامەڵە لەگەڵ ئەولیا چەلەبی دەکەن، ئاوا مامەڵەیان لەگەڵ ئەبوو حەنیفە کردبا، پاڵەوانێکی نەتەوەیی کوردی شکۆدار لەسەر ئاستی جیهانیدا لەدایک دەبوو.

[لەم جۆرە مامەڵەکردنەدا] ئەبوو حەنیفە تەنیا نابێت. هەموو ساڵێک ساڵوەگەڕی ژیان و دەستکەوتەکانی چەندین ڕۆشنبیر و ناوداری ڕابردووی کوردە. ساڵی ڕابردوو یادی ٣٠٠ ساڵەی نووسینی داستانی نەتەوەیی مەم و زینی ئەحمەدی خانی بوو؛ ئەمساڵ یادی ١١٠٠ ساڵەی ئەبووحەنیفە بوو؛ ساڵی ١٩٩٧ یادی ٤٠٠ ساڵەی نووسینی شەرەفنامە ـ یەکەمین زانراوی مێژووی پان- کوردیی شەرەفەدین بەتلیسی ـ بوو. هەروەها، ساڵی ١٩٩٨، یادی ١٨٠٠ هەمین ساڵیادی لووسیان، یەکێک لە مەزنترین مەعریفەناس، ڕەوانبێژان و تەنزنووسی جیهانی یۆنانی- ڕۆمانی بوو.

یەکێک لە ئەستێرەکانی ئەدەبی کلاسیکی یۆنانی، لووسیان، کوردە؟ لووسیان لە سەمیسادی باشووری ڕۆژهەڵاتی سەمسووری باکووری کوردستان لەدایک بووە، لووسیان لە نووسینەکانیدا شانازیی بە توانای ئاخافتن و دووان بە زاراوە جۆراوجۆرەکانی یۆنانیەوە دەکات. ئەو دەگێڕێتەوە کە ئەوەندە باش زاراوە یۆنانییەکانی زانیوە، کە لە ئەنتاکیا بە ئایۆنییان زانیوە؛ لە ئەسیناش وەک ئەنتاکیایی. لووسیان گاڵتەی دێت بەوەی کە هیچ کەسێک گومانی لێ نەکردووە کە یۆنانی زمانی ڕەسەنی ئەو نییە و ئەمەی کە لە ڕاستیدا ئەو کوردێکی سۆرانی بووە. لووسیان کاتێک وەک کوڕێک بەکرێ گیراوە بۆ ئەنجامدانی کاروباریی ڕۆژانەی ناوماڵی دەسەڵاتدارێکی ڕۆمانی ئەو ناوچەیە کە لەناو ماڵەکەیدا بە زمانی یۆنانی قسەیان کردووە، زمانی یۆنانی فێر بووە. لووسیان وەک کوردێکی ڕاستەقینە، زۆر جار لە نووسینەکانیدا دەربارەی ئەوە دەنووسێت کە نیشتمانە شاخاوییەکەی کوردستانی پێ خۆشتربووە لە دەشتە فراوانەکانی ئەوانی تر.

بە هیوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٨ دا پەرۆشی زیاتری کورد هەبێت بۆ یادکردنەوەی ١٨٠٠ ساڵەی لووسیان وەک لەوەی لە ساڵی ١٩٩٠ پێشکەش کرا، کاتێک شارۆچکە خۆشەویست و پڕ-ئاهەنگەکەی سەمیساد و کەلەپوورە شوێنەوارییەکانی لەژێر پاشەکەوتی بەنداوی ئەتاتورکدا نوقم کرا.

خشتەی ساڵوەگەڕی یادکردنەوەی میراتی کولتوور و مێژووی کورد بەردەوامی هەیە؛ دەوڵەمەندی ئەو میراتە هەرگیز لە خۆوە نییە. ئەگەر نەتەوەیەک خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژ و پربایەخ بێت، ئەوا بێگومان دەبێت بتوانێت ساڵانە گەلەک ساڵوەگەر بەرهەم بهێنێت. ئەو ڕاستییەی کە کورد دەتوانێت بە ڕاستی هەموو ساڵێک چەند بۆنەیەکی لەم جۆرە یاد بکاتەوە، پێودانگێکی باشە کە بەپێی ئەوە دەوڵەمەندیی کەلەپووری خۆی بپێوێت.

هەموو ئەو تاک و ڕێکخراوانەی کە هەوڵ دەدەن چارەسەری ئەم کەمبەهایی و بەمەبەست سوککردنەی کەلەپووری کوردیی بکەن، بێگومان لە ماوەی کارکردنیاندا ڕووبەڕووی جیهانێکی دوژمنکارانە دەبنەوە، ئەم دوژمنکارییە هاوشێوەی نەیاریی هۆڵەکانی ئەکادیمیا و گۆڕەپانی سیاسییە. بە دڵنیاییەوە دەبێت چاوەڕوانی ئەمە بکرێت، چونکە هەر بانگەشەیەکی نوێ بۆ بەشێک لە کەلەپووری مرۆڤ دەبێت لەسەر تێچوونی هەندێک لە بانگەشەکانی کۆمەڵەکانی تردا بێت. ئەبوو حەنیفە دینەوەری پێشتر لە لایەن عەرەبەکانەوە بە عەرەب دانراوە (چونکە بە عەرەبی نووسیویەتی) و فارسەکان (چونکە دینەوەر لە ئێران/ پارسیایە) بە فارس دانراوە. بانگەشەی کورد بۆ ڕۆڵە ڕەسەنەکەی خۆی دەبێت لە جڤاتی فارس و عەرەبی دابېڕێت و بۆ کوردی بگەڕێنێتەوە. ئینجا، ئەم لەدەستدانە بەبێ تێکۆشان هیچ کەسێک ڕێگەی پێنادات. لەبەر ئەمە، هەر هەوڵێکی پێشەنگانە بۆ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی مێژووی کورد لەیەک شوێندا، مسۆگەر دوژمنایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و مشتومڕ دروست دەکات، بێگوێدان بە وردبوونی توێژینەوەکە یان لێکدانەوە یان دڵسۆزیی مەبەستەکەی.

بەڵام بۆچی مێژووە نەتەوەییەکان ئەوەندە گرفتاوین؟ بۆچی خەڵک شەڕ لەسەر دابەشکردن، فرۆشتن یان بە پێچەوانەوە زەوتکردنی ئەدەبی دەکەن؟ هەروەها، بۆچی ڕۆشنکەرەوە مەزنەکان لەیەکتری دەدزن؟

کڕینی مێژوو ئابووریترین شێوازی کڕینی پەسەندیی نێودەوڵەتی و ڕەوایی یاسا و خۆبەخاوەندانانی خاکێکە، هەرچەندی ئەم خۆبەخاوەندانانە سەیر دیار بن. لە ئاکامدا، هیچ لقێکی تری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان هێندەی مێژوو لەگەڵ سیاسەت و پرسیارەکانی ڕەوایەتی و خۆبەخاوەندانانی خاک لێکنەئاڵاون. کورد تەنیا هەنووکە گرنگیی مێژوو بە باشترین شت دەبینێت بەرانبەر هەر بانگەشەیەکی تر بۆ نیشتمانەکەی خۆی. هەروەها ئەمەش لە ساتەوەختێکی زۆر لەباردایە. ئایا لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بەوە بکەین کە چۆن داواکردنی زایۆن لە لایەن ئیسرائیلەوە پشتی بەو خاکە بەستبوو کە لە پەرتووکی پیرۆزدا درابووە پاڵی؟ گرنگ نییە ئەگەر پەرتووکی پیرۆز وەها شتێکی تێدابێت؛ ئەو ڕاستییەی کە مێژوو وەک تاپۆی خاک لە لایەن ئەم دەوڵەتەوە بەکار هێنراوە، ڕێک ئەو شتەیە کە هەموو دەوڵەتان و هیواخوازانی دەوڵەتداریێتی هانداوە سوپایەک لە مێژوونووسان دابمەزرێنن.

نووسینی مێژووی نەتەوەیی پێویستی بە پشتیوانییەکی بەرچاو و بەردەوامی گشتی و تایبەتی هەیە. بێگومان، کاری گەورەی وەها، پێویستی بە کەلوپەلی ئەکادیمیایەکی تایبەت و کوردناسی بە ڕەوشت و ڕەسەن هەیە کە هێشتا ژمارەیەکی زۆر کەم کوردناسی لەم شێوەیە بوونیان هەیە. ئالنگارییەکی ئەم کوردناسانە دۆخی هەنووکەیی و زاڵە کە گۆڕینی سانا نییە، دۆخێك کە تێیدا میراتی نەتەوەیی کورد بە کولتووری کۆچبەرە پەراوێزخراوەکان دادەنرێت، لەم بانگەدا زاڵەدا کورد هێشتاش جیاواز نییە لە "هۆزە شاخاوییە دڕندەکان و نیشتەجێی گوندە وێرانەکان". هەر چۆن کە "کوردناس" تۆماس بۆواس باوباپیرانی کورد بەم جۆرە ناو دەبات و، شێخی کوردناسانی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی، مارتین ڤان برۆنسنیش، لە دڵەوە لەگەڵ ئەم تێگەیشتنەی

بۆواس هاوڕایە. لە ٧٠ ساڵی ڕابردوودا، ئەم نێوزڕاندنە زۆر کاری کردووە بۆ شپرزەکردنی خەڵکی ئاسایی و ڕۆشنبیرانی کورد. بەشێکی زۆری ئەم سوکایەتییە بە ڕێکەوت و تەنانەت بەرهەمێکی ناتەواوی ئەقڵیەتی بازاڕی زانایانی بواری خوێندن نییە کە بۆ بوارەکەی خۆیان پردەدەنە ئەو شتەی کە لەبەر دەستدایە. مامەڵەی نابەجێی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام و ئینسکلۆپیدیای ئێرانیکا لەگەڵ پرسی نەتەوایەتیی ئەو زانایانەی کە باسیان دەکەن، پێشتر بینراوە؛ هیچ "ڕێکەوت "ێک نەدۆزرایەوە کە هۆکاری ساختەکارییە عەرەب-چی و فارس-چی مکانی مێژوو بێت. ئەمەش لە ڕۆژئاوایەکدا ڕوو دەدات کە لافی "بێلایەنی"ی لێ دەدات .

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نابێلایەندا، ئۆرگانەکانی دەوڵەتەکان بە ئەنقەست کەلەپووری کورد پشتگوێ دەخەن، کاریش دەکەن بۆ کەمکردنەوەی هۆگریی کورد بۆ تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی و شانازیی بە شوناسی خۆیەوە. تەنانەت، گەر کوردێک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێبهێڵێ و بچێتە ڕۆژئاوا بۆ خوێندن، لە گفتوگۆ لەگەڵ زانایانی ڕۆژئاوادا داوای لێ دەکرێت "بیسەلمێنێت" کە نەتەوەی کورد یان تەنانەت کۆمەڵێکی ئێتنیکی بەناوی کورد هەیە. کەچی هیچ کۆمەڵەیەکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیچ شوێنێکی تری جیهان، کاتێ دەچن بۆ ڕۆژئاوا داوایان لێ ناکرێت ناسنامەی خۆیان "بسەلمێنن". کورد و هەموو ئەوانەی لەسەر پرسی کورد دەخوێنن بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەریان پێویست کراوە شتێک لەسەر "ناسیۆنالیزمی کوردی" بنووسن، بابەتێک کە هەموو کتێبخانەیەکی کۆلێژ و زانکۆکان چەند ناونیشانێکی پەڕپووتیان تێدایە بۆ پێشکەشکردن بە خوێندکارانی زانستە سیاسییەکان و کوردانی بەپەرۆش. کوردەکە وەک کەسێکی باشی "خێڵەکی" ڕەنگە تەنانەت داوای لێ بکرێت کە توێژینەوە یان تێزەکەی لەسەر سەرۆک هۆزێکی کورد و ناکۆکیی نێوان هۆزەکان، ناکۆکییەکی سیاسیی بچوک یان ئەوەی کە لەناو هۆزێکی کورددا کێ هاوسەرگیری لەگەڵ کێدا دەکات، بنووسێت. هەرگیز داوایان لێ ناکرێت لەسەر مێژوو بنووسن، چ بگات بە مێژووی کۆن، کلاسیکی یان سەدەکانی ناوەڕاستی کورد.

سەرلێشێواو، ڕقهەڵساو و هەراسان بەهۆی هەلومەرجی خراپی ئابووری و کولتووری هەنووکەیی خۆیانەوە، زۆرێک لە کوردەکان دەبنە ئامرازی نەستی ئەم بەکەمزانینەی خۆیان. بەم شێوەیە، لە ساڵی ١٩٢١دا، ولیام ڕۆپەرت های دەنووسێت:

**"کورد خوویەکی سەیر و سەمەرەی هەیە لە سووککردنی خۆی و براکانیدا، ئەمەش بێگومان لە لایەن تورکەکانەوە خراوەتە مێشکیانەوە، کاتێ بڕیار بوو بکرێن بە عوسمانی و لە هەموو هەستێکی نەتەوەیی بەتاڵ بکرێنەوە. کوردەکە بە بەردەوامی خۆی بە "رووکەشبین"، کەسێك کە تەنیا دیوی دەرەوەی شتەکان دەبینێت، "تەماحکار" یان چاوچنۆک و "وەحشی" " دەبینی."**

**پوختە و ئەنجام**

سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری لەسەر مێژووی کورد، لە سەردەمی کۆنەوە تا سەردەمی هاوچەرخ، لە هەموو کتێبخانە گەورەکانی جیهاندا زۆرن و بە ئاسانی بەردەستن. ئەوەی کە ڕێگر بووە لە کۆکردنەوەی مێژووی کورد کەمیی توێژینەوە بووە نەک کەمیی سەرچاوەی توێژینەوە. پەرەسەندنی مێژووناسی کورد ئەوەندەی بەهۆی نەبوونی پاڵپشتیی دەوڵەتییەوە تووشی بەربەست بووە، ئەوەندەش بەهۆی نەبوونی هەوڵ بووە لەلایەن کورد خۆیەوە. نەبوونی قوتابخانە و لقی ئەکادیمی کوردیی تایبەت بە توێژینەوە و کۆکردنەوەی مێژووە نەتەوەییەکەی، هۆکاری ئەو دۆخە سەیرەیە ئێستا هەوڵ بۆ دیاریکردنی بەشی کورد لە مێژوو و شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا تێیدایە.

جێگای دڵخۆشییە دەبینی کوردەکان، لە نیشتیمان و لە تاراوگە، گرنگایەتیی پەروەردەی مێژووییان بۆ دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی بیکەن بە جێگرەوەی ئەو کەشە هیوابڕەی ئێستا کە کورد و پشکی کورد لە شارستانییەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مرۆڤایەتییدا کەم دەبینن. کوردەکان ئێستە لە شتێك ئاگادار بوونەتەوە: پێویستی گەڕاندنەوەی ڕابردووی خۆیان و پاراستنی کولتووری خۆیان بەبێ ئەوەی گوێ بە ڕەزامەندی بێگانە بدەن. بۆ نموونە، پێناچێت ئامادەکەرانی ئینسکلۆپیدیای ئیسلام یان ئینسکلۆپیدیای ئێرانیکا بەم پێشکەوتنە دڵخۆش بن، چونکە ئەم کارە لە دواییدا دەبێتە هۆی ئەوەی ناچار بن بەشێکی زۆر لە بەرهەمی نوقسانەکانی خۆیان سەر لەو نوێ بنووسنەوە، بۆ ئەوەی شوێنێك بۆ بەشی کورد لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەنەوە.

پێویستە یەکەم جار مێژووی کورد لەلایەن مێژوونووسانی کوردەوە بنووسرێت، ئەگەر بەهیوای ئەوە بن لە زەمینەی مێژوونووسینەوەدا لەگەڵ دراوسێکانیاندا هاوتا بن. نووسەرانی ڕۆژئاوا تا ئێستا سەلماندوویانە کە نە توانای ئەوەیان هەیە و نە حەز دەکەن مامەڵەیەکی دڵسۆزانە و بێلایەن و دادپەروەرانە لەگەڵ مێژووی کورددا بکەن. هەروەتر، بە هۆی نەبوونی خەڵات و پاداشتی ماددییەوە، نووسینەوەی مێژووی کورد تەنیا سەرنجی مێژوونووسی پلە دوو یان پلە سێی ڕۆژئاوایی و نامێژووناسانی (وەک مرۆڤناس یان زانای سیاسیی) ڕاکێشاوە بۆ بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی ڕووکەشی و زۆر جار لایەنگرانە لەسەر ڕابردووی کورد.

هەر کاتێک مێژووی کورد نووسرایەوە، ئەو کاتە پێویست دەکات بە هەموو لایەکدا بڵاو بکرێتەوە. پێویستە هەموو نەتەوەکان بەگێڕانی ئاهەنگی جەماوەری و ئەو شانازییەی لەم یادکردنەوەنەدا هەیە، پەیوەندییان بە ڕابردوویانەوە ببەستنەوە. پاڵەوانانی نەتەوەیی و مێژووی شانازییان لەرێگەی نواندنەوە و گێڕانەوەیانەوە بۆ جەماوەری زۆر درووست دەبن. کێشە سەرەکییەکە ئەوە نییە تا چ ئەندازەیەک ڕۆشنبیرانی کوردی وەک ئەبووحەنیفە ئەحمەد دینەوەری گرنگن و لە ئینسکلۆپیدیا تۆز لەسەر نیشتووەکاندا چەند بەباشی باس دەکرێن. گرنگ ئەوەیە کە چۆن ئەو کەسایەتیانە پەیوەندیان بە کەلەپووری نەتەوەیی کوردەوە هەیە و لە لایەن مرۆڤی ئاسایی کوردەوە چۆن دەبینرێن. پێویستە پاڵەوانە مێژووییە نەتەوەییەکان، تەنانەت لەسەر

شەقامەکانیشدا کەڕەنایان بۆ لێ بدرێت. بەبێ کەڕنا هیچ پاڵەوانێک نابێت. ئەمە بە شێوەیەکی ئاشکرا دیارە، وەك لە نموونەی ئەولیا چەلەبی لە تورکیا- وەک لە سەرەوە باسمان کرد.

کورد لەمەدا بەختەوەرە کە بۆ نووسینی مێژووی نەتەوەیی خۆی و خوێندنی دەستکەوتە دیاریکراوەکانی، پێویستی بە هیچ جۆرە بانگەشەیەکی هەڵبەستراو و سەیروسەمەرە نییە. کورد پێویستی بە کڕینی مێژوو نییە. کاری کورد ئەوەیە کە تێ بکۆشن بۆ زیندووکردنەوە و بەناوبانگکردنی ڕابردوویان و بەشدارییان لە شارستانییەتدا. بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد، سەرچاوەی سەرەکیی زەوەندی بەڵگەنامە مێژوویی سەرەتاییەکان و بەڵگە شوێنەوارییەکان تەنیا کات دەخوازێت، نەک خەملاندن. ئەو کاتەی مێژوونووسێکی کورد بەسەر ترسی شڵەژاندنی دۆخی هەنووکەییدا زاڵ بوو و لە ڕەدکردنەوە یان دوژمنکاری چاوەڕوانکراوی مێژوونووسانی نەریتی و لایەنگرانی کۆمەڵەی ئێتنیکی هاوسێکانی ڕزگاری بوو، مێژوو و میراتی مرۆیی کورد بە شێوەیەکی شیاو پێی دەزانرێت و پلەبەندی دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەخت - www.nawext.com

سەرچاوەی سەرەکی دەقە ئینگلیزیەکە:

https://kurdistanica.com/254/problems-in-kurdish-historiography/